# بیری سیاسیی ئێرانی




ئەم کتێبە کەسوڵتان محەمەد نعێمی نوسیویەتیو سەنتەری لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی ستراتیجیی ئیمارات دەری کردووە، لەهەوڵی ئەوە دایە کەوەڵامی چەند پرسیارێك دەربارەی بیری سیاسیی ئێرانی بداتەوە کەدیارترینیان ئەم پرسیارانەن: ئایا سروشتی بیری ئێرانی چیەو لەچی پێکدێ؟ ئایا رۆڵی بیری سیاسیی شیعی لەپەرەسەندنی بیری سیاسیی ئێرانیدا چیە؟ ئایا قۆناغەکانی پەرەسەندنی ئەو بیرە چین؟ بە چ شێوەیەك رەوتی ئاینی توانیویەتی تەنگ بەرەوتی لیبراڵو چەپگەرا هەڵچنیو تاکڕەوانە دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێ؟

کتێبەکە لەدوتوێی ۲۷۰ لاپەڕەی قەوارە گەورەدا لەپەرەسەندنی مێژویی بیری سیاسیی ئێرانی دەکۆڵێتەوە، سەرەتا تا ساڵی ۱۹۷۹و دواتر تا ساڵی ۱۹۸۹و پاشان تا ساڵی ۲۰۰۰و لەم نێوانەدا پانتاییەکی فراوان بۆ تاوتوێ کردنی بیری ئاینی تەرخان دەکاو بەوردی دەکەوێتە مشتوماڵ کردنی هەموو رەوتە سیاسییەکانی ئێران لەوانە راستڕەوی پارێزگار. راستڕەوی توندڕەو، چەپی ئاینی، راستڕەوی میانڕەو، رەوتی لیبراڵو رەوتی نیشتمانیی ئاینی.

چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لەساڵی ۲۰۰۹ چاپ کراوەو چاپی دووەمی لەساڵی ۲۰۱۰و هەردوو چاپ لەئەبوزەبی لەئیمارات چاپ کراون.